نیشتیمانێکی سەربەخۆ کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر جیهانێکی باش

حزبی رزگاریی کوردستان
مەکتەبی سیاسی

Rizgary Party of Kurdistan
Political Bureau

# سەربەرزی بۆ کەرکوک دەمێنێتەوە

کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان!

ستەمدیدە و ئازادیخوازان!

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە بەرەبەیانی ئەمڕۆ دووشەممە، رێکەوتی ٢٨-٧-٢٠٠٨ ئاپۆرای خۆپێشاندەرانی شاری کەرکوک کە بۆ پرۆتستۆکردنی پرۆژە یاسای هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان دژ بە پەرلەمانی عێراق بەرێوەدەچوو، لەلایەن تیرۆریستانەوە کرا بە ئامانج، دوایی لە نێو بارەگاکانی بەرەی تورکمانیشەوە دەستڕێژ لە خۆپێشاندەران کرا، بەوهۆیەوە بیست و پێنج وڵاتی سڤیل شەهیدو و سەدو نەوەدی دیکەش بریندااربوون، لەم پێوەندەدا ئێمە وەک حزبی رزگاریی کوردستان زۆر بە توندی ئەم کردە تیرۆریستیە ریسواو مەحکوم دەکەین، پرسەو هاوخەمی خۆمان پێشکەش بە بنەماڵەی شەهیدەکان دەکەین و هیوای چاکبوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازین. هەروەها داوای لەلایەنی پەیوەندددار دەکەین کە هەرچی زووترە ئەنجامدەرانی تەقینەوەکەی نێو خۆپێشاندەران بناسێنێ و رادەستی دادگەیان بکات، هەروەها ئەوانەی لە نێو بارەگای بەرەی تورکمانیشەوە تەقەیان لە خەڵک کردووە و شەهیدیان کردوون بۆ بەردەم دادگە پەلکێش بکات و رێگە نەدات کە شەڕی رەگەزی لەنێو شاری کەرکوکدا پەرەبسێنێ و رەوشی شارەکە ئاڵۆزتر بکات.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی رێپێوانەکەی کەرکوک.

مردن و نەفرەت بۆ تیرۆریستان و مرۆڤکوژان.

کەرکوک سەربەرزو خۆڕاگر دەمێنێتەوە.

مەکتەبی سیاسی

حزبی رزگاریی کوردستان

٢٨-٧-٢٠٠٨

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com